## مانگرتنی کریکارانی خاوینکردنەوە لە  پایتەختی هولەندا( ئەمستردام)  بەردەوامە..

هەرکاتی هیزی کار بریاری دا ، سیمای شار دەگوری.. ئەمستردام پایتەختی هولەندا ئەوا جەند روژە  زبل و پاشماوەی لی فری  نادری و شەقامەکانی پرن لە پاشماوە، کریکارانی پاککردنەوەی شارەوانی چەند روژە لەمانگرتندان..
بە بریاری ئیتحادیە کریکاریەکانی ئەبفاکابۆ کە سەر بە فدراسیونی ئیف، ئین، ڤی یە..کە فدراسیونی کریکارانی سۆسیالیستن، لەگەل ئیتحادیەی سەی ئیف ئۆ کە سەر بە فرداسیونی سی ئین ڤی یە کە فدراسیۆنی کریکارە مەسحیەکانە، کریکارانی پاککردنەوە لە مانگرتنیان راگەیاند..ئەم دوو یەکیتیە کریکاریە داوای قەراردادی کریکارانی شارەوانیەکان لە هەموو هۆلەندا دەکەن کە ژمارەیان 190.000 کارمەندن لە رشتەو ئاستی جۆراوجۆردا..قەراردادێ کە زەمانەتی کارو زیاد بوونی کری سالانە بە رێژەیەکی دیاریکراو لەگەل چاککردنی هەل و مەرجەکانی کار.. سەرەتا بەشیک لە کریکاران بەشداری مانگرتن بوون، ئەمرۆ هەموو ئەمستردامی گرتەوە. لە هەمان کاتدا کریکارانی بەلەم لە ڤیلسن و هارلم هەتنە پال مانگرتن و کریکارانی بەریوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاوی ناوخۆ لە ئەمستردام بریاریان دا پسولەی سزا بۆ هیچ بەلەمی نەنوسن ( لەکاتی ئاسایی هەر کەس نایاسای لێبخورێ ئەوا سزا دەدرێ) ئەمەش بۆ پشتیوانی مانگرتنە بەردەوامەکەیە..
لەوەتەی حکومەتی راست و سەنتریسم مەسیحی لەسەر دەسەلاتن، وەزعی ژیانی کریکاران لە وولاتدا بەرەو دواوەدەچێ..سیاسەتی پاشەکەوتکردن و ئالوگۆرەکان لە هۆیەکانی بەرهەمهینان و یەکگرتنی کۆمپانیاکان و بە سەنترال بوونەوەی بەرهەمهینان ..بە کورتی نیو لیبرالیزم بنەمای ئەم وولاتە دەیەوی ئەمریکالیزم بکاتەوە..ئەمەش دووبەرەکایەتی لەگەل کەلتووری سۆشیال و مێژووی خەباتی چینایەتی لە ئەوروپادا هەیە..
هەر بۆیەش ئەمرۆ کریکارانی کارخانەیەکی گواستنەوە لە رۆتردام بانگەوازی مانگرتنی 48 سەعاتیتیان کرد لە رۆژانی 3 و 4 ی سێپتیمبەر کە رۆژی بەندەری جیهانیە..
رابەرانی ئیتحادیەکانی هۆلەندا بەردەوامی خەبات و مانگرتنیان راگەیاندووە و ڕشتە و کارخانە نەماوە مان نەگرێ، هەر لە پزیشکان و پۆلیس تا قوتابیان و مامۆستایان.. کارمەندانی تەندروستی و  کریکارانی میتاڵ..
مانگرتنی کریکارانی پاککردنەوە لە ئەمستردام بەردەوام دەبێ ، رۆژی دووشەم کۆبوونەوەی رابەرانی کریکاران و بەرێوەبەرانی شارەوانی دەبەسترێ.. کریکاران لە سەرداواکاریەکانیان بەردەوامن..
دەولەت و خاوەنکاران هەموو هەولێکیان خستۆتە گڕ بۆ شکستی ئەم مانگرتنە..لەسەرەتا هەولییاندا بە کارگە ئەهلیەکان شار خاوێن بکەنەوە، بەلام شکستیان خوارد، هەموو میدیا بەرێزەکانیان ووتیان ئەم زبل و پاشماوەیە زیانی تەندروستی نیە..
بەلام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ریزی کریکاران هەلوەشیننەوە ..هەوالە سەرەتاییەکان وا دەگەیەنن شارەوانی ئەمستردام دەیەوێ زۆربەی داواکاریەکانی کریکاران جێبەجی بکا.

لەلایەکی تر هەر لە مەیدانی نارەزایەتیدا پارتی سۆسیالیست لە هۆلەندا بانگەوازی راپەرینی کردووە لە 24 ی سێپتیمبەر لە دەنهاغ دژی پەرلەمان و سیاسەتەکانی دەولەت..بە گویرەی دواین بەیانی ئەم پارتە لە سەدا 19 ی خەلکی هۆلەندا دژی سیاسەتی ئەم کابینەی حکومەتن.

دروشمی پەرلەمان گوێ لە گەل ناگرێ و دەبێ لە سەر کار لابچن..لە راپەرینی هیمنانەی پارتی سۆسیالیست دا ، گشت هیزی چەپ و خەلکی نارازی لە دوای خۆی کۆدەکاتەوە..
بەرەی نارازی لە هۆلەندا لە بەربەرەکانیی چینایەتیدا بەردەوامە، بەلام هەمووی یاسایی و لە چوارچیوەی دیالۆگ و دانیشتنی ماراسۆنی ئەنجام دەدرێن..لە هەمان کاتدا شارخرۆشاوەو دەنگی سروودێ دێ..رۆژانی شورشی نوێ هەر دادێ..مرۆڤ ئەلتەرناتیڤیکی زیاتری تری نیە لە یەکسانی کۆمەلایەتی و مرۆڤەکان هەمان بەهایان هەبێ....